# فەرمش ەب تسەویەپ ی‌ژیتودنوت و ی‌نازێخ ی‌ژیتودنوت ی‌ەژۆرپ
## Stonewall Housing

هەروەها ڕەنگە بتوانیت پەناگە بدۆزیتەوە لەو کاتەدا کارمەندان دەتوانن ڕێنماییت بکەن لە ڕێگەی پرۆسەی دووبارە نیشتەجێکردنەوە. بۆ دۆزینەوەی ئەمە، پەیوەندی بە هێڵی یارمەتی توندوتیژی خێزانییەوە بکە بە ژمارە 08002000247. ئەگەر نازانیت بە ئینگلیزی قسە بکەیت، ئەوان وەرگێڕ بۆ دابین دەکەن. ئەم خزمەتگوزارییە بە شێوەیەی باوتر بۆ ئافرەتانانە. ئەگەر پیاویت و دەتەوێت قسە لەگەڵ خزمەتگوزارییەک بکەیت کە تایبەتمەندە لە هاوڕەگەزبازی، ژنی هاوڕگەزباز، یان نەژنونەمێرد، پەیوەندی بە ڕێکخراوەکانی پۆلێنکراو بکە لە
www.lgbtdaf.org

ئەگەر ترسی ئەوەت هەیە بێ ویستی خۆت لە بەریتانیا ببرێیتە دەرەوە، یان بۆ گەشت ببرێیت و هەست دەکەیت ناتوانیت بگەڕێیتەوە، پەیوەندی بە یەکەی هاوسەرگیری ناچارکراوەوە بکە.

جێهێشتنی ماڵەوەی خێزانەکەت هەنگاوێکی گەورەیە و دەکرێت هەست بە داشکاندن بکەیت. هەندێک جار دوور بوون لە خزمان دەکرێت بژاردەیەکی سەلامەتتر بێت بۆ تۆ. هەروەها کاتێک دەبێت تۆ بیر لە ئایندەت بکەیتەوە. تۆ خاوەنی خۆتیت بۆ گۆڕینی ژیانت بۆ ژیانێکی سەلامەت وەک ژنێکی هاوڕەگەزباز، پیاوی هاوڕگەڕباز، نەژنونەمێرد، یان ترانزجێندەر و لە گەڵ ئەو کەسانە بژیت کە ڕێز لە ژیانت دەگرن.

### پلاندانانی سەلامەتی

مانەوە بە سەلامەتی بە ڕاستی شتێکی گرنگە.

1. وردە وردە دەست بکە بە ئامادەکاری بۆ جێهێشتنی ماڵ
2. لەگەڵ برادەرێک یان کەسێک کە متمانەی پێدەکەیت ئامادەکاری بکە بۆ پاراستنی بەڵگەنامە گرنگەکانت وەک پاسپۆرت، چارەسەر، ناسنامە، کارتی بانك و وردەکاریەکان، پارەی باری لەناکاو و جل وبەرگ.
3. ئەگەر منداڵت هەیە، لەگەڵ خۆت بیانبە و پێشتر پێیان مەڵێ کە دەڕۆیت.
4. قسە لەگەڵ ڕاوێژکارێک بکە لە یارمەتی ئافرەتان، ئاژانسێکی LGBT، یان یەکەی هاوسەرگیری ناچارکراو دەربارەی هەنگاوەکانی داهاتوو
5. بە هیچ کەسێک مەڵێ، یان پلانەکانت لە هیچ شوێنێك مەنووسە، بە فەیس بوك یان میدیای کۆمەڵایەتیشەوە، لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەوانە شوێنەکەت دەسنیشان بکەن.

### دەسخستنی یارمەتی یان ڕەوانەکردن

خزمەتگوزاریەکانی داکۆکی نیشتەجێکردنی مامەڵەی خراپی خێزانی قەبوڵی کەسانی ماژە بۆکراو دەکات لە سەرانسەری لەندەن. 02073595767 /
info@Stonewallhousing.org

یەکەی هاوسەرگیری ناچارکراو: / fmu@fco.gov.uk / +44 (0) 20 70080151

### هاوسەرگیری ناچارکراو چیە؟

هاوسەرگیری ناچارکراو ئەوەیە کە کەسێک یان هەردووک کەسەکە ڕازی نین بە هاوسەرگیریەکە و فشار یان مامەڵەی خراپ بەکارهاتووە. کردارێکی تۆقێنەرە و ڕێگری لێکراو نیە و لە بەریتانیا بە شێوازێکی توندوتیژی دژی پیاوان و ئافرەتان هەژمار دەکرێت، توندوتیژی خێزانی / مامەڵەی خراپ لەگەڵ منداڵ و پێشێلکارییەکی توندی مافەکانی مرۆڤە.
فشاری دانراو لەسەر خەڵکان بۆ هاوسەرگیری کردن بێ بوونی ویستی خۆیان دەشێت بە شێوازی جەستەیی بێت (لەخۆگرتنی هەڕەشە، توندوتیژی جەستەیی ڕاستەقینە و توندوتیژی سێکسی بێت) یان هەستی و دەروونی بێت (بۆ نموونە کاتێک کەسێک وای لێدەکرێت هەست بکات هۆکاری شەرمەزاری خێزانەکەیەتی)

ئەگەر دووچاری هەڕەشەی هاوسەرگیری ناچارکراو و توندوتیژی پەیوەست بە شەرەف دەبیتەوە.
ئەگەر دووچاری هاوسەرگیری ناچارکراو دەبیتەوە یان هەست دەکەیت کە لەوانەیە خێزانەکەت تۆ بخەنە مەترسی هاوسەرگیری ناچارکراو، ئەوە دەتوانیت بژاردەکانی نیشتەجێ بوونت لە بەرچاو بگریت.

### ئەگەر تەمەنت لە ژێر 18 ساڵیدایە...

ئەگەر تەمەنت لە ژێر 18 ساڵیدایە، بەشی نیشتەجێکردنی ناوخۆیی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بەیەکەوە کار دەکەن، ئەرکیانە تۆ لە شوێنێکی ئارام نیشتەجێ بکەن و دوور بیت لە خێزانەکەت. ئەوان پەیوەندی بە خێزانەکەتەوە ناکەن تا لە شوێنێکی ئارام نیشتەجێ نەبیت، مەگەر خۆت ڕەزامەندی نیشان بدەیت بۆ ئەوە. دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ هەر دەسەلاتێکی ناوخۆیی و لە نزیکی شاری خۆت نەمێنیتەوە. ئەگەر دەتەوێت دەربارەی بارودۆخەکەت قسە لەگەڵ کەسێک بکەیت پەیوەندی بە چایەڵدلاین بکە بە ژمارە 08001111

### ئەگەر تەمەنت لەسەروی 18 ساڵیدایە...

هەر دەسەلاتێکی ناوخۆیی ئەرکی ئەوەی هەیە ئامۆژگاری پێشکەش بکات و لەهەندێک حاڵەتدا، نیشتەجێکردن پێشکەش دەکەن. بۆ بەدەستهێنانی ئەوە، باشترین شت ئەوەیە کە هەوڵی وەرگرتنی ڕێنمایی لەو ڕێکخراوانەوە بدەیت کە لە پشتی ئەم نامیلکەیەدا پۆلێنکراون.

ئەگەر بگاتە ئەو حاڵەتەی لە ترسدا بژیت و هیچ جێگرەوەیەکی تری نیشتەجێکردن نەبێت، دوا تۆڕی ئارامگە ئەوە دەبێت داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ شوێنی مانەوەی باری لەناکاو لە ڕێگەی دەسەڵاتی ناوخۆییەوە. نزیک بوونەوە لە دەسەڵاتی ناوخۆیی وەک بارێکی لە ناکاو دەکرێت کار و کاتی زۆری بوێت. پێویستە وەک دوا چارەسەر سەیر بکرێت کاتێک ئارامی تاکە کەسی لە مەترسیدا دەبێت.

stonewall housing

HM Government
Forced Marriage Unit